
# مەریوانی وریا قانع

## "پەیوەندی نێوان کتێب و نەگبەتی لە ماڵی ئێمەدا پەیوەندییەکی بەتین و قووڵە، بەردەوام دایکم و باوکم بە منیان دەوت تۆ ببیتە هەر شتێك نابێت ببیتە شاعیر و نووسەر، چونکە شیعرو نووسین جگە لە نەگبەتی هیچی تری بەدواوە نییە"



بەشی دووەم

دیداری مەریوان هەڵەبجەیی و یاسین عومەر
فۆتۆ : کەمال عەلی خەیات

**● لەم بەشەی چاوپێکەوتنەکەماندا مەریوان وریا قانع لەسەر قۆناغی ناوەندیو ئامادەیی خۆی قسەدەکات. باسی یەکەم کتێب دەکات کە خوێندویەتییەوە. یەکەم کچ کە خۆشیویستووە. باس لە رووداوەکانی ئەو زەمەنە دەکات کە بەعس خەریکبوو هەموو شتێکی قوتدەدا. ئەو دوور لەو زمانە تا رادەیەك وشکەی کە لێکۆڵینەوە فیکرییەکانی پێدەنووسێت، بەسەرهاتەکانی دەگێڕێتەوەو هەمیشە لە گێڕانەوەکانیدا زمانێکی تەنزئامێزانە لەکاردایە کە وایکرد ئێمە بەدرێژایی ئەم بەشەی چاوپێکەوتنەکەمان لە پێکەنین نەکەوین. ئەو یادەوەرییەکی زیندووی سەردەمێکە کە ئێستا زۆرێك لە ئێمە خەریکە لەبیری دەکەین، باشترە خۆتان لە وردەکاییەکانی ئەو چاوپێکەوتنە ئاگادار بن.**

**لڤین: لە سلێمانی ناوەندیت تەواوکرد؟**

**مەریوان وریا:** تا دووی ناوەندی لە سلێمانی بووم؛ لە ناوەندی کانی ئاسکان، لە دووی ناوەندییەوە رۆیشتین بۆ هەولێر، واتە سێی ناوەندییم لە هەولێر خوێند، چوارو پێنجو شەشیشم لەوێ تەواوکردو بۆ قۆناغی زانکۆ گەڕامەوە سلێمانی.

**لڤین:واپێدەچێت دوای چوونە قۆناغی ناوەندی؛ قوتابخانەکەتان کچو کوڕ تێکەڵ بووبن؟ لەو قۆناغەدا پەیوەندییەکانت بە کوێ گەیشتن؟ ئایا لەو قۆناغەدا عاشق نەبوویت؟**

**مەریوان وریا:** نە لە سەرەتاییو نە لە ناوەندی لە قوتابخانەی تێکەڵاودا نەمخوێند. سەبارەت بە عاشقبوونیش ئەوە من هەر لە سەرەتاییەوە عاشق بووم، لە سەرەتایی ئەوکاتەی ماڵمان لە سەیدسادق بووو من قوتابی پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، کچێکی دراوسێمان هەبوو قوتابی بوو، ئەو قوتابخانەیەی ئەو لێیدەخوێند نزیك بوو لە قوتابخانەکەی ئێمەوەو منو ئەو بەهەمان رێگەدا دەڕۆیشتین بۆ قوتابخانە. منو ئەوو خوشکەکەم بەیەکەوە دەچووین بۆ قوتابخانە؛ ئەوان دەچوونە قوتابخانەی کچانو منیش بۆ قوتابخانەی خۆمان. هەموو رۆژێك کە دەڕۆیشتین من دەچووم دەستی ئەو کچەم دەگرتو خوشکەکەم دەکەوتە ئەولامانەوە، ئەو کچەم زۆر خۆشدەویست، بەڵام کە ئێستا بیریلێدەکەمەوە نازانم چ جۆرە خۆشەویستییەك بووە، بەڵام هەستێکم هەبوو کە وایلێدەکردم حەزبکەم هەمیشە لەگەڵ ئەو کچەدا بمو حەزمنەدەکرد لەگەڵ کەسی تردا بم، کە لە دەوامیش تەواو دەبووینو دەگەڕاینەوە، هەر لەگەڵ ئەودا دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، لە کۆڵانیش لەگەڵ ئەودا یاریمدەکرد، بەڵام دواتر ماڵمان لە سەیدسادق باریکرد.

ئەو پەیوەندییەو ئەوانەی کە دواتریش دروستبوون هێندە قوڵنەبووبوونەوە کە دواتر لە رۆحو سایکۆلۆژیای مندا بۆشاییەکی گەورە بەجێبهێڵن، چونکە من لە هەر شوێنێك بووبم کچێك هەبووە کە بۆتە جێگرەوەی ئەوەی پێشترو خۆشمویستووە، من هەرگیز لەو جۆرە پەیوەندییانە دانەبڕاومو هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان کچێك هەبووە کە خۆشمویستووە؛ جا ئەو کچە زانیبێتی یان بێئاگابووبێت.

**لڤین: دوای ئەو پەیوەندییەت لە سەیدسادق هیچ پەیوەندییەکی ترت هەبوو؟**

**مەریوان وریا:** کچێك کە زۆرم خۆشویستو بەفیعلیش خۆشمویست، ئەوکاتە بوو کە لە پۆلی پێنجی ئامادەیی بووم لە هەولێر، ئەوکات بە پاسێك دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانەو دەهاتمەوە، هەموو رۆژێك لە یەکێك لە وێستگەکاندا کچێکم دەبینیو زۆرجار سواری هەمان پاس دەبووینو زۆر کاتیش ئەو لەسەر کورسییەکەی بەردەمی من دادەنیشتو یەك وێستگەش پێش من دادەبەزی. من هێندەی هەموو دنیا ئەو کچەم خۆشدەویست، بەڵام رۆژێك لە رۆژان قسەیەکم لەگەڵدا نەکرد، کچەکە ناوی دنیا بوو، زۆر شەو لە خەیاڵی خۆمدا لەگەڵ ئەو

دنیایەدا ژیاوەو قسەمکردووەو سواری ئەسپ بووەو بەیەکەوە کتێبمان خوێندۆتەوە، زۆرجار لە خەیاڵەکانمدا شیعرم بۆ ئەو خوێندۆتەوە. وەك بیرم مابێت لەو قۆناغەدا یەك دوو شیعریشم بۆ ئەو دنیایە نووسی، بەڵام دیارە شیعری کرچوکاڵو بێمانابوونو هیچیشیانم نەماوەو ئێستا فەوتاون. ئەوە یەکەمین خۆشەویستیی راستەقینەی من بوو، بەڵام بەدرێژایی ئەو ساڵانە من هەموو بەیانییەك ئەو کچەم دەبینی، هەموو بەیانییەك کەمتازۆر لەبەردەممدا دانیشتوە، کەمتازۆر بەبەرچاوی منەوە سواری پاسەکە بووەو دابەزیوە، بەڵام حەرفێك چییە لەنێوان منو ئەودا نەبوو، پەیوەندیی من لەگەڵ ئەو کچەدا پەیوەندییەك بوو لە خەیاڵی خۆمدا، ئەو بوونێکی واقیعی نەبوو تیایدا، بە واتایەکی تر پەیوەندیی من لەگەڵ دنیادا پەیوەندیی بوو لەگەڵ سێبەرەکانی ئەودا، پەیوەندیی بوو لەگەڵ ئەو وێنانەدا کە من بۆم دروستکردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەختەوەرترین قۆناغی ژیانی من بوو، ئەمە لەو کاتەدا بوو کە من ببوومە مارکسیو دینم بەجێدەهێشتو لە هەمانکاتیشدا ئەم پەیوەندییە رۆحییەم لەگەڵ ئەو کچەدا دروستکردبوو کە شتێکی زۆر خۆش بوو بۆ من.

**لڤین: یەکەم کتێب کە خوێندتەوە چی بوو، من مەبەستم لە کتێبێکە کە تۆ بە ویستی خۆت هەڵتبژاردووە بۆ خوێندنەوە؟**

**مەریوان وریا:** با جارێ باسی یەکەم کتێب بکەم کە کریم. یەکەم کتێب کە کریم گۆرانییەکانی (شامی کاپوور) بوو (**پێکەنینێکی زۆر**). من زۆرم حەز لە فیلمی هیندی بوو، لە بەردەرکی سەرا کتێبخانەیەك هەبوو گۆرانیی هەموو گۆرانییێژە هیندییەکانی کردبووە کتێبی بچوك بچوك، منیش لەبەرئەوەی زۆرم حەز لە شامی کاپوور بوو بە بیستوپێنج فلس کریم، بەڵام یەکەم کتێب کە خوێندمەوەو کاریگەریی لەسەر بەجێهێشتبێ کتێبێکی دەروونناسی بوو بە عەرەبی، ئەوکات لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم. وابزانم ناونیشانی کتێبەکە (علم النفس في حياتنا اليومية) بوو، کاریگەریی ئەم کتێبە هەر ئەوە نەبوو کە مێشکم بکاتەوەو ئاسۆی ترم پیشانبدات، بەڵکو وایکرد پەیوەندییم لەگەڵ دەوروبەری خۆم تێکبچێت. من بەتەواوەتی لە هەموو کتێبەکە تێنەدەگەیشتم، بەڵام دەمزانی باسی چی دەکات، ئەو کتێبە باسی لە قۆناغی هەرزەکاری دەکرد (مرحلة المراهقة)، ئەم کتێبە وایکرد کە پەیوەندییم لەگەڵ باوکمدا تێکبچێت. لە کتێبەکەدا باس لەوە کرابوو کە دەبێت لەگەڵ هەرزەکاراندا چۆن مامەڵەبکرێت، کە تەماشامدەکرد باوکم بەپێی ئەوە لە کتێبەکەدا نووسراوە ئەوە ناکات کە پێویستە بیکاتو ئەوەشی پێویستە نەیکات دەیکرد، پەیوەندییم لەگەڵ باوکمدا تێکچوو، لەگەڵ مامۆستاکانمدا، پەیوەندییم لەگەڵ هەندێك لە برادەرکانیشمدا تێکچوو. یەکەمین کتێب کە خوێندمەوەو کاریگەری لەسەرم جێهێشتبێت ئەو کتێبە بوو.

**لڤین: دەوروبەرکەت دەیانزانی کە ئەو گۆڕانەی بەسەرتا هاتووە هی ئەو کتێبەیە؟**

**مەریوان وریا:** بەڵێ؛ چونکە خۆم باسمکرد، رۆژێکیش میوانێکمان هاتبوو کە ئەوکات لە هەولێر بووین، پیاوێك بوو لەگەڵ منداڵەکانیو ژنەکەیدا هاتبوو، کوڕێکی هەبوو (کە دواتر بەعس کوشتی)، ئەو کوڕەی سێ چوار ساڵ لە من بچوکتر بوو، باوکی لەبەرچاوی ئێمەدا چەند جارێك ئەو کوڕەی شکاندەوە، منیش وتم نابێت تۆ منداڵ بشکێنیتەوە بەتایبەتی لەبەرچاوی خەڵکی تردا، باوکی وتی: ئەمە چییە؟ منیش وتم ئەمە لە کتێبی (سایکۆلۆژیا لە ژیانی رۆژانەماندا) باسکراوە. باوکم لێم تووڕە بوو، چونکە نەدەبوو من نەسیحەتی پیاوێکی وا گەورە بکەم، پیاوەکە پێکەنیو وتی: وەڵڵا من نەمزانیوە کوڕەکەت بووە بە مامۆستا. کەوتمە مەوقیفێکی زۆر خراپەوەو نەمدەزانی چی بڵێم، چونکە لە سەرێکەوە گاڵتەیان بە قسەکەم دەهاتو لەسەرێکی دیەوە باوکم زۆر لێم تووڕە بوو، هەروەها ئەوەشم لا گەلالە بوو کە ئەمانە لە راستییدا نازانن چۆن لەگەڵ منداڵدا مامەڵەبکەن.

**لڤین: لەو کاتەدا هەستت بەوە دەکرد کە کتێب مرۆڤ تووشی جۆرێك لە نەفرەت دەکات، یان ئیحساست بە جۆرێك لە دەسەڵات کرد بەسەر ئەوانی دییدا؟**

**مەریوان وریا:** من هەستم بە هەردووکیان دەکرد، پەیوەندی نێوان کتێبو نەگبەتی لە ماڵی ئێمەدا پەیوەندییەکی بەتینو قووڵە، بەردەوام دایکمو باوکم بە منیان دەوت تۆ بیبیتە هەر شتێك نابێت ببیتە شاعیرو نووسەر، چونکە شیعرو نووسین جگە لە نەگبەتی هیچی تری بەدواوە نییە. ئەوان وەکو نموونە قانیع لەپێش چاویاندا بوو، قانیع پیاوێك بووە بەردەوام رایکردووە، منداڵەکانی لە گوندا ژیاونو خوێندنیان تەواونەکردووە، هەژارییەکی زۆر سەیر ژیاوە، لەبەرئەوە لە ماڵی ئێمەدا پەیوەندیی نێوان کتێبو خوێندنەوەو فیکر لەگەڵ هەژاریو نەبوونیو کێشەدا پەیوەندییەکی زۆر بەهێزە، دایکم بە جۆرێك رقی لە کتێب بوو، رۆژێکیان بە منی وت: وەسێتت بۆ دەکەم کە مردم لە گۆڕستانێکدا بمنێژن کە یەك خوێنەواری تیا نەبێت. ئەمە ئاستێکیەتی؛ بەڵام وەك پێشتریش باسمکرد لای من شیعرو نووسینو ئەدەبیات دەتوانێت جێگەی سێوێك یان پرتەقاڵێك بگرێتەوەو چێژێکی تایبەتی بدات، دواتریش کە گەورە بووموو چوومە ئامادەییو خەڵك دەیانوت ئەمە کوڕەزای قانیعەو رێزێکی زیاتریان لێدەگرتمو ئەمەش وایکرد وێناکردنێکی گەورەترم لەسەر خۆم بۆ دروستبێت، کە من قسەمدەکرد زیاترو باشتر گوێیان بۆ دەگرتم، چونکە من کوڕەزای قانیع بوومو ئەوانی تر کوڕەزای کەس نەبوون، یان کوڕەزای کەسێکی نەناسیاو بوون، بێگومان هەستمدەکرد هێزێك هەیە لەو قسانەدا کە من دەیانکەم، ئەمەش لەبەرئەوە نا کە قسەکانی من بەفیعلی بەهێزبوون، بەڵکو لەبەر ئەو هێزە مەعنەوییەی کە قانیعی باپیرم بە منی بەخشیبوو، لەبەرئەوە پەیوەندیی کتێبو فیکر لەگەڵ نەگبەتیو هەژاریو نەبوونی لەلایەکەوەو لەلایەکی تریشەوە بەخشینی شێوازێکی دیاریکراو لە دەسەڵات لە ماڵی ئێمەدا رەگێکی زۆر قووڵو درێژی هەیە.

**لڤین: تۆ لە هاتوچۆیەکی بەردەوامدا بوویت لەنێوان سلێمانیو هەولێردا، خەڵکی سلێمانی هەمیشە خۆیان بە رووناکبیرترو خوێندەوارتر دەزانن لە خەڵکی شارەکانی تر، تۆ لەو هاتنو چوونەدا هەستت بە شتێکی لەو بابەتە دەکرد؟**

**مەریوان وریا:** کە من سلێمانییم بەجێهێشت منداڵ بووم، وەك پێشتر باسمکرد من لە دووی ناوەندی بووم کە سلێمانیمان بەجێهێشت، زۆریش فەقیر بووین، من هەموو بەیانییەك دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانەو دوانیوەڕوانیش رۆژنامەم دەفرۆشت، هەموو ئەو رۆژنامانەی لەم وڵاتەدا دەردەچوون من فرۆشتوومن، لە رۆژنامەکەی کاکەی فەللاح (ژین)ەوە کە لێرە دەردەچوو هەتا ئەو رۆژنامانەی لە بەغدادەوە دەهاتن، کە چووین بۆ هەولێر لەوێ باوکم بوو بە فەرمانبەری میری، مووچەیەکی وەردەگرت بەحاڵ بەشیدەکردینو پێویستینەدەکرد بەبەردەوامی من ئیش بکەم، ئەمە بۆ من جۆرێك

بوو لە پشوو، بەلام زۆری پێنەچوو دوو منداڵی ترمان بوو، ئیتر مووچەکەی باوکیشم بەشینەدەکرد، لەوکاتەدا ئێمە گەورە بووین‌و دەستمانکردەوە بە ئیش. من‌و هەورامانی برام بەبەردەوامی ئیشمان دەکرد، لەدوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە گوڵەبەڕۆژەو ناوکەکولەکەو شتی لەو بابەتەم دەفرۆشت‌و هەورامانی براشم بەهەمانشێوە، ئەوەی لە هەولێردا بۆ من گرنگ بوو ئەوە بوو کە هەستمدەکرد هەولێر بۆ من ئەمینترە، کە لە سلێمانی رۆژنامەم دەفرۆشت هەندێکجار بەترسەوە دەڕۆیشتمە ناو بازاڕو قەیسەرییەکان. ناوبازاڕەکانی سلێمانی شەقاوەی زۆری تیابوو، خەڵکی تیابوو هەر لەخۆوە لە منداڵی دەدا، بەلام من لە یاریگاکەی هەولێر گوڵەبەڕۆژەم دەفرۆشت بەبێئەوەی جارێك تووشی هیچ شتێك بم، کەس قسەیەکی پێنەوتم، بەلام لە سلێمانی ئەمە وا نەبوو، من هەستمدەکرد هەولێر ئەمینترە، بەلام جیاوازییەکی زۆر زەق کە سلێمانی لەگەڵ هەولێردا هەیبوو ئەوە بوو کە من لە سلێمانی دەمتوانی بڕۆمە ماڵی دراوسێکانمان‌و ئەوانیش دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە، بەلام لە هەولێر ئەمە نەبوو. لە هەولێر هاوڕێیەکم هەبوو کە سێ ساڵی رێك لەگەڵمدا بوو (لە چوارەوە هەتا شەشی ئامادەیی) من چەندین جار ئەوم هێناوە بۆ ماڵی خۆمان‌و لەگەڵ ئێمەدا نانی خواردووە، بەلام ئەو هیچ رۆژێك بە منی نەوت وەرە بۆ ماڵی ئێمە. ئەمجۆرە جیاوازییانە هەبوون، بەلام لەو قۆناغەدا هەرگیز هەستم بەوە نەکردووە کە خەڵکی سلێمانی رۆشنبیرترو زیرەکترن لە خەڵکی هەولێر.

**لڤین: هەولێر لەچاو سلێمانی پلورالترو موزایکترە، بۆ نموونە؛ لە هەولێر رێژەیەکی بەرچاو تورکمان‌و عەرەب‌و مەسیحی‌و جولەکە هەبوون، ئەمە هیچی لای تۆ دروستنەدەکرد؟**

**مەریوان وریا:** لە پۆلی ئێمەدا تورکمانی تیابوو، عەرەبی تیابوو کە بە کوردی دەیخوێند، ئەو دۆخە فرەییە لە رووی کولتووریی‌و دینیی‌و زمانەوە لە هەولێردا هەبووو بەئاشکرایی هەستی پێدەکرا. من هاوڕێم هەبوو تورکمان بوو، کوڕێك هەبوو عەرەب بوو، کوڕێکی زۆر عاقڵ بوو کە من پەیوەندییم زۆرخۆش بوو لەگەڵیدا. ئەوکاتە قۆناغی دوای هەرەسی شۆڕش بوو لە 1975، قۆناغێك بوو کە فشاری بەعس بەتایبەتی لە هەولێر لەناو قوتابخانەکاندا فشارێکی بێئەنداز بوو، ئێمە رۆژانە شەڕمان بوو لەسەر ئەوەی کە نەبینە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی ئەو زەمانە کە سەر بە بەعس بوو. قوتابخانەکەی ئێمە یەکێتیی قوتابیانی بەعسی تیابوو، فشارێکی زۆریان خستبووە سەرمان. بەعس زیاتر هەولێری بە هی خۆی دەزانی وەك لە سلێمانی.

من لەو قوتابخانەیە بووم‌و هەر لەو قوتابخانەیە فەرهاد پیربال-ی تیابوو، ئەبوبەکر خۆشناو-ی لێبوو. ئەبوبەکر خۆشناو لەوکاتەدا گرنگترین قوتابی قوتابخانەکەی ئێمە بوو، ئەو کتێبێکی نووسیبوو لەسەر جیڤارا ناوی (جیڤارای شۆڕشگێڕ) بوو، دیوانێکی شیعریی بڵاوکردبووەوە ناوی (کۆڵۆمبس کیشوەرێکی تر دەدۆزێتەوە) بوو، بەحساب ئەو کیشوەرەی کە کۆڵۆمبس دەیدۆزێتەوە کوردستانە. کوڕێکی تری لێبوو ناوی مەسعود پەرێشان بوو، ئەو قوتابخانەیەی ئێمە پڕبوو لە شاعیرو نووسەر. لەو قوتابخانەیەی منی لێبووم (کە ناوی ئامادەیی کوردستان بوو) دۆخێکی وای هەبوو خەڵك بەو ئاسانییە نەدەبوونە بەعسی‌و یەکێتیی قوتابیان. لەو رۆژگارەدا کاریگەریی ئەبوبەکر خۆشناو لەسەر وشیاری ئێمەو کوردبوون‌و رۆحیەتی بەرگریی ئێمە زۆر گرنگ بوو.

سەبارەت بە فرەکولتووری هەولێرو کاریگەریی لەسەر من ئەوە دەبێت بزانن کە من زۆر کەم لە ژیانمدا لە فیکردا توندڕەو بووم، من بۆ ماوەیەکی زۆرکەم مارکسییەکی پەڕگیر بووم، بەلام لەوە تێپەڕکات هەرگیز ئەو هەستە ناسیۆنالیستییە پەڕگیرەم نەبووە کە لای هەندێك لە خەڵکی ئێرە بوونی هەبوو. ئەو رۆحە دژە دینییە پەڕگیرەم نییە کە لای هەندێك لە عەلمانییەکانی ئێرە هەیە، فیعلەن لەو ماوەیەدا من کۆمەڵێك خەڵکی زۆر جیاوازم ناسی، خەڵکانێك بە باکگراوەندێکی رۆشنبیریی جیاوازەوە، بەلام هەموویان خەڵکی باش بوون.

**لڤین: لەو قۆناغەدا فەرهاد پیربال دەینووسی، یان با هەر بڵێین هیچ حەزێکی لە نووسین هەبوو؟ ئاشناییت لەگەڵ د. فەرهاد چۆن بوو؟**

**مەریوان وریا:** لەو کاتەدا من لەوان منداڵتر بووم، ئەوان دوو ساڵ لە پێش منەوە بوون، من وەك شتێکی زۆر گەورە سەیری فەرهاد پیربال‌و مەسعود پەرێشان‌و ئەوانی ترم دەکرد. لەو قوتابخانەیە نەشرەی سەر دیوارمان هەبوو، ئەوان لەو نەشرەیەدا شتیان دەنووسی، لە ساڵی یەکەمدا چەند شتێکم بۆ ناردن، بەلام هیچیان بڵاونەکردەوە، وەك بیرمبێت ساڵی دووەم نووسینێکی بچووکیان بۆ بڵاوکردمەوە، وابزانم پەخشان بوو، بەلام نووسینەکانی ئەبوبەکر خۆشناو نیوەی نەشرەکەی داگیردەکرد. ئەوە یەکەم نووسینم بوو. هەر لەو قوتابخانەیە نەشرەیەکمان دەردەکرد ناوی (سێوە) بوو، بەناوی سێوەی گۆرانیبێژەوە، ساڵی دوای ئەوە نەشرەیەکی ترمان بڵاوکردەوە هەر بەناوی گۆرانیبێژێکی هەولێرەوە بوو، نازانم ناوی کوێخا کێ بوو.

**لڤین: یەکەمجار لە زانکۆی سلێمانی وەرگیرایت؟**

**مەریوان وریا:** ساڵی 1978 لە زانکۆی سلێمانی وەرگیرام، لە بەشی کارگێڕی‌و ئابووری (**إدارةو اقتصاد**)..

**لڤین: بۆ ئەوکات وەرگیران لە زانکۆو چوونە ناو ئەو دەزگایەوە وەک خەون‌و یۆتۆپیایەک وابووە لای گەنج؛ تۆ چ ئیحساسێکت هەبوو لەو کاتەدا؟**

**مەریوان وریا:** ئەو رۆژگارەی کە من چوومە زانکۆ ببووم بە مارکسییەکی زۆر پەڕگیرو توندڕەو، لە قۆناغی ناوەندییدا لە رێگەی هەندێك لە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە کە برادەرم بوون، کۆمەڵێك لە شتە سەرەتاییەکانی فیکری مارکسیزمم خوێندبوویەوە. وردە وردە لەوەش تێدەگەیشتم کە باپیرم مەیلی سۆشیالیستی‌و ئەوەی پێیدەوترێت بیرکردنەوەی رەخنەیی پێشکەوتنخوازانەی هەبووە. وەکو هەموو گەنجێك کە سەرەتا کۆمەڵێك کتێب دەخوێنێتەوە، وامدەزانی من هەموو ئەو راستییانە دەزانم کە دەبێت دنیا چۆن بێت‌و ئەو سادەگیرییەی کە لە ئایدۆلۆژییەکاندا هەیە (لە ئایدۆلۆژییە چەپەکانەوە بیگرە بۆ ئایدۆلۆژییە ئاینییەکان، ئەوانەی دنیات بۆ دابەشدەکەن لەنێوان رەش‌و سپی‌و چاك‌و خراپدا، دابەشکردنێکی گشتی، کۆمەڵێك ئامرازیشت دەدەنێ بۆ ئەوەی خراپ لەناوبەریت، پانتایی خراپ کەمکەیتەوەو پانتایی چاکەش فروانتر بکەیت) ئەمە جەوهەری هەموو ئایدۆلۆژییەکانە لە ئایدۆلۆژییە ئاینییەکانەوە بیگرە بۆ ئایدۆلۆژییە عەلمانییەکان. جا من کە هاتمە زانکۆ پیاوێکی ئاوا بووم، ئەو جۆرە تێڕوانینەش بۆ دنیا واتلێدەکات بەباشی دنیا نەبینیت.